پڕفرۆشترین
کتێبی نیویۆرک تایمز

# شیر و هەنگوین

ڕوپی کۆر





وەرگێڕانی :

توانا ئەمین-سیامەند ج. ئەحمەد

238 posts
19.2k followers
7 following

Promote
Edit Profile

📚 PDF پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی
Public Figure

لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF





ڕۆپی کۆر

# شیر و هەنگوین

وەرگێڕانی:

**توانا ئەمین-سیامەند ج. ئەحمەد**

کتێبخانەی یادگار

له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یــــادگــــار


- ناوی کتێب: شیر و هەنگوین
- بابەت: شیعر
- نووسینی: ڕوپی کۆر
- وەرگێڕانی: توانا ئەمین _ سیامەند ج. ئەحمەد
- تیراژ: (٣٠٠٠) دانه
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپ: یەکەم (٢٠١٨)

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانه گشتییەکان

ژماره (١٦٦٨)ی ساڵی ٢٠١٨ پێ دراوه٠

ڕۆی کۆر

# شیر و هەنگوێن

وەرگێڕانی:

**توانا ئەمین**

**سیامەند ج.ئەحمەد**

ئەم کتێبە لەم سەرچاوە سویدییەوە کراوە بە کوردی:

Mjölk och Honung
2017 Rupi Kaur

ئەم وەرگێڕانە کوردییە بەراوردکراوە

بەم دەقە ئینگلیزییە:

**Milk and Honey**
Rupi Kaur
**Andrews McMeel Publishing**

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە:

**هەرمێ**

تاقانەی ژیانی من!

# بۆ ئەم کتێبە؟

## ڕوپی کۆر کێیە؟

ڕوپی کۆر کچێکی هیندییە و نووسەری ئەم کتێبەیە، ئەو لە ٥-١٠-١٩٩٢ لە خێزانێکی سیخی[١] لە پەنچابی[٢] هیندستان لە دایکبووە. لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا کۆچی کردووە بۆ کەنەدا و ئینگلیزی زمانی دووەمیەتی.

ئەم کتێبە پڕفرۆشترین کتێبی نیویۆرک تایمزە و نووسەرەکەی براوەی خەڵاتی (١٠٠ ژنی بی‌بی‌سی)یە.

---

[١] - سیخ: ئاینێکە لە سەدەی پانزدە لە باکووری هیندستان دامەزراوە، کتێبی پیرۆزیان (گرانت ساحیب- GranthSahib)ـە. سیخییەکان بڕوایان بەبوونی یەک خودا هەیە. ژمارەی شوێنکەوتووەکانییان ٢٨ ملیۆن کەسە و بەمەش نۆهەمەین گەورەترین ئایینی جیهانە. زۆرینەی شوێنکەوتووەکانییان لە ئاسیا دەژین، بەتایبەت لە ویلایەتی پەنچاب لە هیندستان.

[٢] - پەنچاب: ناوی ویلایەت و ڕووبار و ناوچەیەکە لە باکوری ڕۆژئاوای هنیدستان. وشەی پەنجاب تێکەڵێکە لە دوو وشەی فارسی (پنج پێنج) و (آب- ئاو) پێک هاتووە، بە مانای وڵاتی پێنج ئاوەکە.

ڕوپی لە شیعرەکانیدا و بەتایبەت لەم کتێبەدا باسی دەستدرێژی سێکسیی، باسی سوڕی مانگانە، تەنانەت باسی ئازار و شەهوەتی ژنیش دەکات... کتێبەکە بە گشتی مرۆڤانەیە، بەڵام فێمینستانەیشە!

(شیر و هەنگوین) کتێبی یەکەمیەتی و ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە، لە پاش ئەم کتێبە (خۆر و گوڵەکانی- Sun and Her Flowers) کتێبی دووەمیەتی و ساڵی ٢٠١٧ چاپ بووە -ئەو کتێبەیشی لەلایان هەمان وەرگێڕانی ئەم کتێبەوە کراوە بە کوردی و بەزوویی ئەویش چاپ دەبێت- هەردوو کتێبەکەی لە پڕفرۆشترین کتێبە شیعرییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بوون.

شیر و هەنگوین یەکەمجار بە ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە و دوو ملیۆن و نیو دانەی لێفرۆشراوە، لە ماوەی کەمتر لە تەنها چوار ساڵدا بۆ ٢٥ زمان وەرگێڕدراوە و بە زمانی کوردییەوە دەبێت بە ٢٦.

دوو تایبەتمەندی لە شیعری ئەم کچەدا هەیە، ئەوانیش سادەیی و کورتیین، بەڕێوبەری کتێبخانەی تایبەت بە شیعر لە شاری لەندەن لەبارەی ڕوپییەوە دەنووسێت:

"ئەم کچە خوێنەری بۆ شیعر گێڕایەوە، ئەگەر ئەو نەبایە هەندێ کەس لە ژیانیاندا شیعریان نەدەخوێندەوە."

ڕوپی خۆی دەڵێ: "لە زانکۆ عاشقی شیعری کلاسیک بووم، بەڵام دوایی بیرم کردەوە چ پێویست دەکات ئەم هەموو ڕازوڕەمزە بخەینە کتێبەکانمانەوە کە خەڵک نەتوانن لێمان تێبگەن؟ ئەی بۆ سادە نەنووسین، وەها کە هەمووان لێی تێبگەن؟! کێ وتی ئاڵۆز نووسین باشە و سادە نووسین خراپە؟!" لە پاشەکی نووسخەی سویدیی ئەم کتێبەدا نووسراوە: ڕوپی کەور نووسەر و هونەرمەندێکە لە تۆرنتۆی کەنەدا دەژی، لەڕێی شیعر و نیگارەکانییەوە تێکەڵ دەبێت بە؛ خۆشەویستی، دابڕان، زەبر، چاکبوونەوە و مێینەیەتی. ئەمانە تەڤلهەڤی نووسینەکانی دەکات و لەگەڵ جیهاندا وەک ڕێگەیەک بۆ دروست کردنی بۆشاییەکی ئارام بۆ بەرەوپێشچوون و چارەسەر و بەردەوامبوون لە تێکۆشاندایە.

ئەم کتێبە دابەش بووە بەسەر چوار بەشدا و هەر بەشێک خزمەتی مەبەستێکی جیاواز یان مامەڵە لەگەڵ ئازارێکی جیاواز دەکات، هەر

بەشەی دڵئێشەیەکی جیاواز چارە دەکات.
شیر و هەنگوین خوێنەرەکانی دەبات بەنێو سەفەری تاڵترین ساتەکانی ژیان و دۆزینەوەی شیرینی لە ناویاندا، چونکە شیرینی لە هەموو شوێنێکی ئەم ژیانە هەیە، ئەگەر تۆ بتەوێ بیبینیت! ئاراستەی داهێنەرانەی نووسین و نیگار و فۆتۆکانی ڕوپی کۆر سنورەکانی دونیای بڕیوە. ئەو کاتێک نانووسێت و هیچ هونەرێک ناکات؛ گەشت دەکات تا سیمینار و کۆڕ سازبکات.
هەرچی ئەم وەرگێڕانەی لەبەردەستاندایە من لە دەقە سویدییەکەوە کردوومە بە کوردی و کاک سیامەند ئەحمەد دێڕبەدێڕ وەرگێڕانەکەی بەراورد بە دەقە ئۆرگیناڵەکە کردووە کە ئینگلیزییە... ماوەتەوە بڵێین دیزاینی بەرگ و هێڵکارییەکانی نێو ئەم وەرگێڕانە هەمان هێڵکاریی و دیزاینی بەرگی کتێبەکەن و لەلایەن ئەم کچە نووسەرە خۆیەوە کێشراون.

توانا ئەمین
ستۆکهۆڵم- ٢٠١٨

بۆ باسکەکانی تۆ
کە منیان هەڵگرتووە.

ڕوپی کۆر

دڵم بە گریانەوە لەخەوی کردم
لێی پاڕامەوە و گوتم چیت بۆ بکەم؟
وتی: کتێبێک بنووسە.

پێڕست:


ژان.................................... ١٥

ئەڤین.................................... ٤٩

ماڵئاوایی.................................... ٨٩

مەرهەم.................................... ١٥٧

ژان


smärtan

لێی پرسیم:
چەند بۆت ئاسانە میهرەبان بیت
لەگەڵ خەڵك..
شیر و هەنگوین لە لێوم دەتکا
کە وەڵامم دایەوە:
چونکە خەڵك میهرەبان نەبوون لەگەڵم!

یەکەم کوڕ کە ماچی کردم؛
من پێنجساڵان بووم و
ئەو شانەکانمی وەك دەسکی
یەکەم پاسکیل
کە لە ژیانیدا لێی خوڕیبوو، گرتبوو..
لێوەکانی؛
بۆنی برسێتییان لێ دەهات،
بۆنی برسێتی لە باوکییەوە گرتبوو؛
باوکی کە سەعات ٤:٠٠ بەیانی
تامی دایکی ئەمی کردبوو..

ئەوە یەکەم کوڕ بوو کە فێری کردم؛
جەستەم هی ئەوانەیە کە دەیانەێ و
من دەبێ لە هیچ کەمتربم!

ئۆهـ خودایا
خۆمم چەند هیچ بینی
ڕێك وەکو دایکی ئەو سەعات ٤:٢٥
دەقیقەی بەیانی!



تۆ

وافێرکراویت

نێوان قاچەکانت

پشووگایەکە بۆ پیاوان

کە پێویستیان بە شوێنێکە بۆ پشوو،

تەنها جەستەیەکی بەتاڵ بەسە

بۆ میواندارییان..

بەڵام هەرگیز پیاوێکیان نایەت

بیبەوێ بمێنێتەوە!

ئەوە خوێنی تۆیە
بە دەمارەکانمدا دەڕوا
فێرم بکە؛
چۆن لەبیرم بچێتەوە!

نۆڕینگەی دکتۆر
بووکەشووشە لەبەردەمتدایە؛
بەهەمان ئەندازەی کچۆڵەکان
خاڵت حەزدەکات دەستت لێ بدات!

*بەدەستی ئاماژە بۆ شوێنێکی دەکات*

تۆ دەستت برد بۆ ئەو شوێنە
لە بەینی ڕانیدا
پەنجەی کرد بە تۆدا و
وەك ئەوەی ددانپێدانانێکت
لێ وەربگرێ پرسی:

*هەست بەچی دەکەیت؟*



تۆ هەنسکی گریان
پەنگابووە گەرووت،
بە ددانەکانت وتت:
هیچ.

*- دانیشتنی ناوەندی هەفتە*

ئەو؛
دەبوو یەکەم گەورەترین
خۆشەویستی ژیانی تۆ با ،
ئەوەتا تۆ ئێستایش؛
هەموو شوێنێك بە دوایدا دەگەڕێیت!

- *باوك*


تۆ؛
هێندە لە دەنگم ترسایت،
منیش بڕیارمدا
کە لێی بترسم!



ئەو کچە گوڵێک بوو؛
لە دەستی ئەوانەدا،
کە بەنیاز نەبوون،
بیهێڵنەوە!


هەموو جارێ بە کچەکەت دەڵێیت:
کە خۆشت دەوێ،
کەچی دواتر دەقیژێنیت بەسەریدا!
تۆ سەری لێ دەشێوێنیت؛
بەوەی تووڕەبوون وەك میهرەبانی ببینێت..
لەوانەیە ئەوە بیرۆکەیەکی باش بێت
تا کاتێ کە گەورە بوو؛
متمانە بەو پیاوانە بکات کە ئازاری دەدەن،
چونکە زۆر لە تۆ دەچن!

- *بۆ باوك و کچێك*



وتی؛
من سێکسم کردووە،
بەڵام نازانم
عاشق بوون،
چ هەستێکی هەیە!

ئەگەر زانیبام؛
دڵنیایی چۆنە..
کاتی کەمترم پێویست دەبوو؛
بۆ کەوتنە ناو ئەو باوەشانەی
لێیان دڵنیا نەبووم!



سێکس؛
خواستێکی دوولایەنەی هاوکاتە
لەنێوان دوو مرۆڤدا..
گەر یەکێکیان ڕاکشابێ و
هیچ نەکات بە هەر هۆیەك؛
ئامادە نەبێ،
یان مگێزی* نەبێ،
یان بە کورتی حەزی لێ نەبێ..
کەچی کەسی بەرانبەر هێشتا
سێکسی لەگەڵ بکات؛
ئیدی ئەوە خۆشەویستی نییە،
ئەوە دەستدرێژی سێکسییە!

*مگێز: مەزاج.

وا دەزانین؛
زۆر بەتواناین لە خۆشەویستییدا..
کەچی هێشتا،
ژەهر هەڵدەبژێرین!




گەورەترین ئەفسانە لەجیهاندا ئەوەیە؛
ژنێك شەرمەزاری بهێنێت بۆ خێزانەکەی،
بەوەی بیەوێ؛
دڵ و جەستەی بپارێزێت!

قاچەکانمت بە قاچەکانتەوە؛
بە زەوییەوە بەستتەوە و
داوایش دەکەیت،
بەپێوە بووەستم!



دەستدرێژیی
تۆ دەکات بە دوو لەتەوە
بەڵام ناتکوژێت!

خەمی تۆ
لە شوێنانێك دەژی
کە نابێ خەم لەو شوێنە بژی!




کچێک؛
پێویستی بەوە نییە بۆ پەیوەندی،
لە باوکی بپاڕێتەوە!

هەوڵدان؛
بۆ باوەڕهێنان بەخۆم
بەوەی جێگایەکم هەبێت..
وەك ئەوە وایە؛
بەدەستی (چەپ) بنووسم،
لەکاتێکدا
خۆم بە (ڕاستە)یی لەدایکبووم!


- *ئەم بیرۆکەی*

*بچووکبوونەوەیە میراتییە*



پێم بڵێ ئارامبە؛
تا خەیاڵەکانم پچکێ جوانتر بن..
من بە پشکۆیەکی ناوسکمەوە
بۆ ئەوە لەدایک نەبووم؛
خەیاڵ بکرێ ئاسان بکوژێمەوە!
بە زمانێکی سادەوە بۆ ئەوە لەدایك نەبووم؛
خەیاڵ بکرێ ئاسان قووت بدرێم!
من لە دایکبووم بە زمانێکەوە؛
نیوە شمشێر، نیوە ئاوریشم..
زەحمەتە بیرچوونەوە و هەرگیز ئاسان نییە؛
شوێن خەیاڵ بکەوێ!

کوڕەکە؛
کچەکەی بە پەنجەکانی بژار کرد،
وەك ئەوەی ناوك لە کاڵەك دەربهێنێت!




دایکت ڕاهاتووە؛
لەوە زیاتر خۆشەویستیت پێشکەش بکات
کە تۆ دەتوانی هەڵیبگریت!

باوکت بزرە..

تۆ
شەڕێکی سەر سنووری
لەنێوان دوو وڵاتدا..
زیانی لاوەکی؛
پارادۆکسانە،
هەردوولا کۆدەکاتەوە و
هاوکات جیاشیان دەکاتەوە!


بەتاڵکردنی سکی دایکم؛
یەکەم کاری خۆونکردنم بوو!
فێربوونی خۆ بچووککردنەوە بۆ خێزانێك،
کە حەز دەکەن کچەکانیان نادیاربن؛
دووەم کارم بوو..
هونەری بەتاڵبوون ئاسانە،
باوەڕیان پێ بکە کە دەڵێن:
تۆ هیچ نیت.
بۆخۆتی دووبارە بکەرەوە،
وەکو ئارەزووویەك:
من هیچ نیم
من هیچ نیم
من هیچ نیم
هەندێجار تەنها بەیەك شتدا دەزانی تۆ دەژی؛
ئەویش بەرزبوونەوەی سینگتە!

- هونەری بەتاڵبوون



تۆ ڕێك وەك دایكت وایت؛
هەست دەكەم نەرمی ئەوم باش پاراستووە
هەردووكتان چاوتان وەكیەك وایە؛
چونكە هەردووكمان هیلاكین
دەستیشتان؛
چونكە هاوبەشین لەم پەنجە سیسانەدا
بەڵام ئەم تووڕەییە لە دایكتدا بوونی نیە؛
ڕاست دەكەیت،
ئەم تووڕەییە تەنها شتە
لە باوكم وەرمگرتووە!


که دایکم لەکاتی نانی ئێوارەدا؛
دەمی دەکاتەوە تا قسەیەك بکات،
باوکم دەست دەخاتە سەر لێوی و دەڵێ
"شششش..
کە دەمت پڕە قسە مەکە"
بەم جۆرە لە خێزانەکەماندا؛
خانمان فێربوون بژین و دەمیان داخراوبێت!



ئەژنۆکانمان؛
شەتەك دراون،
لەلایەن ئامۆزاکان و
مامەکان و
پیاوەکانەوە..
جەستەمان؛
لەلایەن کەسانی هەڵەوە دەست لێدراوە..
تەنانەت لەنێو جێگەیەکی زۆر ئارامیشدا؛
ئێمە هەر دەترسین!

باوکە، هەمیشە کە پەیوەندی دەکەی شتێکی دیاریکراو ناڵێیت، دەپرسیت چی دەکەم یان لە کوێم. کاتێکیش بێدەنگیی؛ وەکو ژیانی نێوانمان درێژدەبێتەوە، هەوڵ دەدەم پرسیارێك بدۆزمەوە تا پەیوەندییەکە بەردەوام بێت. ئەوەی هەمیشە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە؛ من تێدەگەم ئەم دونیایە تۆی تێکشکاند. بەزەحمەت لەسەر پێی خۆت وێستاویت. سەرزەنشتت ناکەم لەوەی نازانی چۆن لەگەڵمدا نەرمونیان بیت.


هەندێکجار بیر لە هەموو ئەو شوێنانە دەکەمەوە کە تۆ ئازارت تیادا چەشتووە و هەرگیزیش باست نەکردووە. منیش لە هەمان خوێنی ئازاردراوەوە هاتووم. لەهەمان ئێسکی شکاوەوە وێڕای لە قووڵایی ڕووخاوییەکەم. من کچی تۆم. دەزانم قسەکردنە بچوکەکانمان تەنها ڕێگایە کە تۆ دەیزانی بۆ ئەوەی پێم بڵێیت خۆشت دەوێم. چونکە ئەمەیش تەنها ڕێگایە کە من دەیزانم تا پێت بڵێم.



تاسام کاتێک بە دوو پەنجەت منت کێلا. هەستم دەکرد وەك پیاهێنانی لاستیکێك وایە بە برینێکی کراوەدا، حەزم لێی نیە. تۆ خێراتر و خێراتر پاڵت دەنا. بەڵام خۆت هیچ هەستێکت نییە، لە ڕوخسارمدا بەدوای کاردانەوەیەکدا دەگەڕایت، بۆیە منیش وەك ئەو خانمە ڕووتانەی لەڤیدیۆکاندا سەیریان دەکەیت؛ کاتێك وا دەزانی کەس ناتبینێت، دەست دەکەم بە ئاخ و ئۆف. برسیی و بەتاڵ لاساییان دەکەمەوە، پرسیارم لێ دەکەی؛ خۆش بوو؟ منیش دەڵێم بەڵێ زۆر بە خێرایی وەك پرۆڤەیەك. بەڵام تۆ هەستت بە ڕۆڵبینینەکە نەکرد!


ئەو شتەی دەربارەی هەبوونی
دایك و باوكێكی
ئالوودەبووی مەی هەیە
ئەوەیە؛
كە دایك و باوكێكی ئالوودەبووی مەی
بوونی نیە..

بە سانایی
ئالوودەبووی مەی
ئەو كەسەیە ناتوانێت هێندە هۆشیار بێت
منداڵ پەروەردە بكات!



ناتوانم بڵێم:
که دایکم
دەترسێت له باوکم
یان خۆشی دەوێت؟
هەمووی له یەك دەچێت!

سڵم کردەوە؛
کە دەستت لێدام،
ترسام ئەو بێت!



# ئەڤین

# kärleken

که دایکم به منداڵی دووەمی دووگیان بوو؛
من چوار ساڵان بووم و
به سەرسوڕمانەوە ئاماژەم
به سکی ئاوساوی کرد!
چوونکه دایکم له ماوەیەکی زۆر کەمدا
زۆر گەورە ببوو!
باوکم منی له باوەش گرت و وتی؛
نزیکترین شت لەسەر زەوی له خوداوە،
لەشی خانمێکه که ژیان لەوێوە
ڕێچکه دەگرێ..
که پیاوێکی کامڵ شتێکی
وا گەورەی به من وت،
ئیدی لەو تەمەنه بچووکەوە زانیم؛
هەموو جیهان له ژێر پێی دایکمدایه!




زۆر بەقووڵیی
هەوڵ دەدەم تێبگەم؛
چۆن کەسێك دەتوانێ
هەموو ڕۆحی و
هەموو خوێنی و
هەموو وزەی بڕژێنێتە
نێو یەکێکی تر
بێ ئەوەی لە بەرانبەردا
هیچی لێ بووێت!

- *پێویستە چاوەڕێ بکەم*
*تا دەبم بە دایك*


نـا

خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە نییە..
یەك دەبینین و
خۆشەویستی لەیەکەم بیرکەوتنەوەدا
دروست دەبێت..
من تۆم لە چاوی دایکمدا دیوە؛
کاتێك کە داوام لێ دەکات،
شوو بە پیاوێك بکەم کە
حەزبکەم کوڕەکەم لەو بچێت!




هەموو شۆڕشێک؛
دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت.
لەگەڵ لێوەکانی!

ئەو پرسی من چیم بۆ تۆ؟
من دەستم خستە سەر ڕانی؛
چرپاندم بە گوێیدا،
تۆ هەموو ئەو هیوایەی،
کە من بە مرۆڤ
هەمبووە!



پەسەندترین شتت لەلام بۆنەکەتە..
تۆ بۆنی؛
زەوی،
گژوگیا،
باخچە و
تۆزێك زیاتر،
مرۆڤتر لە هەموویانی!

من دەزانم؛
دەبێت تێکبشکێم
بۆ هۆکاری باشتر..
بەڵام ئەو کوڕەت دیوە؟
خۆر دەهێنێتە سەرچۆک
هەموو شەوێك!



تۆ هێڵێکی کاڵی؛
لە نێوان بڕوا و
چاوەڕوانیی کوێرانەدا!

- *نامەیەك بۆ خۆشەویستی داهاتووم*

هیچ شتێك دڵنیاتر نیە؛
لە دەنگی تۆ..
کاتێك بە دەنگی بەرز شتم بۆ دەخوێنیتەوە!

- *شەوانە ژووانێکی تەواو لەگەڵ تۆ*



دەستی خستە ناو سەرم
بەرلەوەی دەست بهێنێ؛
بە کەمەرم،
بە سمتم،
یان بە لێومدا..
لە سەرەتادا پێی نەوتم؛
جوانیت..
بەڵکو وتی؛
تۆ دانسقەیت!


- چۆن دەستم لێ دەدات

فێر دەبم؛
چۆن ئەوم خۆشبوویێت،
بە خۆشویستنی خۆم!



وتی:
داوای لێبوردن دەکەم
من کەسێك ئاسان نیم بۆ ئەڤین..
بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکم کرد:
کێ وتی من کەسێکی ئاسانم دەوێ؟
من پەرۆشی ئاسان نیم
ئەوەی من پەرۆشیم؛
ئاڵۆزێکی نەفرەتییە!

زۆر بیرکردنەوەم لە تۆ؛
وای کرد قاچەکانم جیا ببنەوە،
وەك سێپایەیەکی وێنەکێشان
کە بە پارچە خامەکەی سەریەوە
لاڤایی بۆ هونەر بکات![*]



[*] لاڤایی: دەست دامێنبوون، پاڕانەوە. (و)


من ئامادەم بۆ تۆ،

من هەمیشە؛

ئامادەبووم بۆ تۆ!


- یەکەم جار

من تۆم ناوێ؛
تا بەشە بەتاڵەکەی من پڕبکەیتەوە..
دەمەوێت خۆم پڕبم،
دەمەوێت هێندە کامڵ بم؛
کە بتوانم شار ڕووناك بکەمەوە..
ئینجا
دەمەوێ تۆم هەبیت؛
چونکە هەردووکمان پێکەوە
دەتوانین گڕی بدەین!



خۆشەویستی دێت..
کاتێك خۆشەویستی هات؛
ڕاتدەگرێ..
خۆشەویستی ناوت دێنێت؛
تۆ دەتوێیتەوە..
هەندێکجار وا دەزانی؛
خۆشەویستی ئازارت دەدات..
بەڵام هەرگیز خۆشەویستی
مەبەستی ئەوە نیە..
خۆشەویستی هیچ یارییەك ناکات،
چونکە خۆشەویستی دەزانێ؛
ئیتر ئێستا ژیان سەختە!

درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم؛
تۆ لاڵم دەکەی..
ڕاستییەکەی ئەوەیە؛
تۆ زوبانم هێند لاواز دەکەی،
بیری دەچێتەوە بە چ زمانێك قسە بکات!



لێم دەپرسێ: چی دەکەی؟
پێی دەڵێم؛
کار بۆ کۆمپانیایەکی بچووک دەکەم
کە کاری پێچانەوەی.....
قسەکەم پێ دەبڕێ؛
کچێ، ناڵێم چۆن پارەی پسووڵەی
شتەکانت دەدەی،
دەڵێم چی شێتت دەکات؟
چی وات لێ دەکات شەو نەخەویت؟

من پێی دەڵێم: دەنووسم
داوام لێ دەکات شتێك
لە نووسینەکانمی نیشان بدەم
من سەری پەنجەکانم دەخەمە
سەر نێوچەوانی
ئەوجا شۆڕیان دەکەمەوە بۆ باسکەکانی
موچوڕکە بە گیانیدا دێ..

زاری لێکدەنێ.
ماسولکەکانی گرژ دەبن
چاوەکانی بەسەر مندا دەکرێنەوە..

وەك ئەوەی من هۆکاری تروکاندنیان بم
هەنگاوێك لێم دێتە پێشەوە؛
من دەگەڕێمە دواوە..


کەوایە ئەمە ئەو شتەیە کە دەیکەیت
فەرمان دەکەیت بە سەرنجدان
ڕومەتەکانم سوور دەبێتەوە..
بە شەرمەوە پێ دەکەنم
دانی پێدا دەنێم؛
ناتوانم نەیکەم!

ڕەنگە تۆ یەکەم خۆشەویستی من نەبوبێت؛
بەڵام ئەوە خۆشەویستی تۆ بوو
هەموو ئەوانی تری
بێ بایەخ کرد!



لەمست کردم؛
بێ ئەوەی،
دەستم لێ بەیت!

چۆن دەتوانیت؛
دارستانێکی گڕگرتووی وەك من،
هێند نەرم بکەیت،
بمگۆڕیت؛
بۆ ئاوێکی بەخوڕ!




تۆ وا دیاریت؛
بۆنی
هەنگوین دەدەی،
بەبێ ئازار..
ڕێگەم بدە تامت بکەم!

ناوی تۆ؛
بەهێزترین
ئەرێ و نەرێیە
لە سەرواتای هەر زمانێکدا..
یان دەمگەشێنێتەوە،
یان ئازارم دەدات،
بۆ چەند ڕۆژێك!



تۆ زۆر قسە دەکەیت
دەچرپێنێت بە گوێمدا..
دەتوانم؛
دەمت لە شتێکی باشتردا بەکاربهێنم!

ئەوە دەنگی تۆیە
من ڕووت دەکاتەوە!



ناوی من؛
خۆش دیارە.
کاتێك ماچی زمانت دەکات!

تۆ پەنجەکانت لە قژم دەئاڵێنی و
ڕایدەکێشی..
بەم جۆرە
تۆ مۆسیقا لە من دەردەهێنی!

- ئەڤینبازیی



له ڕۆژانی
وەکو ئەمڕۆمدا؛
تەنها پێویستم بەوەیە،
تۆ پەنجەکانت بە قژمدا بێنیت و
بە نەرمی قسەم بۆ بکەیت!

- تۆ

من دەمەوێ؛
دەستەکانت،
دەستەکانم نا
شوێنێ تر بگرێت..
من دەمەوێ؛
لێوەکانت،
لێوەکانم نا
شوێنی تر ماچ بکات!



پێویستم بە کەسێکە؛
بزانێت هەوڵ بدات،
وەك ئەوەی من هەوڵ دەدەم..
کەسێك؛
ئامادە بێت کە قاچەکانم
لەسەر ڕانەکانی خۆی دابنێت،
لەو ڕۆژانەدا کە بەپێوە وەستان زۆر زەحمەتە..
کەسێك؛
لەو مرۆڤانەی ئەو شتە دەبەخشێت،
کە من بە تەواوی پێویستمە،
تەنانەت بەرلەوەی بزانم کە پێویستمە..!
خۆشەویستێك کە گوێی لێم بێت؛
بەرلەوەی قسە بکەم..
ئەوە ئەو جۆرەیە لە تێگەشتن؛
کە من داوای دەکەم!

- *ئەو جۆرە خۆشەویستەی من پێویستمە*

تۆ؛
دەستەکانم
بەنێوان پێیەکانمدا دێنیت و
دەچرپێنی؛
بهێڵە ئەو پەنجە وردانە سەمام بۆ بکەن!

- پێرفۆرمانسێکی تەنیا



زیاد لە پێویست شەڕ دەکەین، دەربارەی ئەو شتانەی هیچکاممان بیری نایەتەوە یان گرنگ نین بۆمان. چونکە بەو شێوەیە خۆمان لە پرسیارە گەورەکان دەدزینەوە. لەبری ئەوەی بپرسین؛ بۆچی وەك جاران بەیەکدی نالێین: خۆشم دەوێیت؟ شەڕ لەسەر هەندێ شت دەکەین. بۆ نمونە: کێ پێویستە شەوان هەستێ و گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە؟ یان کێ پێویستە پیتزا بەستووەکە بخاتە ناو فڕنەکەوە دوای هاتنەوە لەکار. دەکێشین بە یەکتردا. خۆشەویستم، ئێمە وەك پەنجەی سەر درك واین، ڕێك دەزانین کویا ئازاری دێ!

ئەمشەو هەموویت پێ دەڕێژم؛ ئەو شەوە بەدەم خەوەوە ناوێکت وت، من زۆر دڵنیابووم ناوی من نیە! یان هەفتەی پێشوو کاتێك وتت تا درەنگ کار دەکەیت. من پەیوەندیم بە شوێنی کارەکەتەوە کرد، وتیان تۆ چەند کاتژمێرێکە ڕۆیشتویتەوە.
لە کوێ بووی ئەو چەند کاتژمێرە؟

دەزانـم، دەزانـم... ڕەنـگە ئێسـتا هەمـوو پاساوەکانت جێـی بـاوەڕبن. شـت زۆر لەدڵ دەگرم، جاری وایش هەیە لە خۆوە دەدەم لە پرمەی گریان. بەڵام چاوەڕێی چی دەکەیت ئـازیزم؟ مـن زۆرم خـۆش دەوێیـت. ببـورە کە وامزانـی درۆ دەکەیت! ئەوە ڕێـك ئەو کـاتە بـوو کە تـۆ لە بێئومێدیـدا سـەرت بەهەردوو دەسـتت گرتبـوو. بە پـاڕانەوەوە دەتویسـت بیبـرمەوە و بێـدەنگ بـم. نیوەمانـدوو و نیوەنەخۆش. ئەو ژەهـرەی لە زمانمانـدا هەبـوو ڕوومەتمـانی کـون کـرد. لەوەی کە هەبـوو کەمتـر ژیـابووین، ڕەنگـی کەمتـر لە دەموچاومانـدا بـوو. بەڵام خـۆت فریـو مەدە. هەرچەنـدە بارودۆخەکە خـراپ بێت؛ هێشتا هەردووکمـان دەزانـین کە تـۆ دەتەوێـت دامبکوتی بە زەویدا!

بەتـایبەت ئەوکاتـانەی لە شـەڕەکانماندا هێندە بەرز دەقیژێنم دراوسێکان بەئاگادێن، بە خێرایـی دێـن تـا بـکەونە نێوانمـانەوە. خۆشەویستم مەیکەرەوە.

لەجیاتی ئەوە، دامنیشێنە. بمکەرەوە وەك نەخشەیەك. بە پەنجەکانت بگەڕێ بەشوێن ئەو جێگانەی کە دەتەوێت ........ تێدا دەرکەی لە من. ماچم بکە وەك ئەوەی من ناوەندی هێزی کێشکردن بم و بکەوە بەسەرمدا وەك ئەوەی ڕۆحی من چەقی تۆ بێت. خۆ دەمت بێ شوینەکانی تر دەمم ماچ ناکات. وەکو خویەك قاچەکانم دەکرێتەوە. ئەمە ئەو کاتەیە کە من ڕات دەکێشم و بەخێرهاتنت دەکەم بۆ ماڵەکەت.

دراوسێکان لە پەنجەرەکانیانەوە تەماشامان دەکەن، تا بزانن ئەو هەراهەرایە چییە، ئاگرکوژێنەوەکان دەیانەوێ بێن و ڕزگارمان بکەن، بەڵام نازانن ئەمە گڕی تورەبوونمانە یان هی سۆزمان؟ زەردەخەنەیەك دەکەم. سەرم دەخەم بەدوادا و خۆم دەچەمێنمەوە وەك چیایەك تۆ بتەوێ بیکەی بە دوو کەرتەوە... گیانەکەم، بملێسەوە...


وەك ئەوەی زارت بتوانێ بخوێنێتەوە و منیش کتێبی دڵخوازی تۆبم، خۆشەویسترین لاپەڕەت لەم کتێبەدا لە شوێنێکی نەرمی نێوان قاچەکانمدا بدۆزەرەوە و بەوردیی بیخوێنەرەوە. بەڕەوانی، بەئاشکرا. ناوێریت بێبەرکەوتن تەنها وشەیەك جێبهێڵیت. سوێند دەخۆم کۆتاییەکەم زۆر خۆش دەبێت. کە کۆتا وشەکان دێن، دێنە زارتەوە. ئینجا تۆ تەواو دەبیت و دادەنیشیت. چونکە سەرەی منە مۆسیقا دروست بکەم ئەوکاتەی ئەژنۆکانم لەسەر زەوییەکە چەقیون.

ئازیزی لەدڵدا شیرین. بەم شێوەیە بەسەری زمانمان پەیف لە جەستەی یەکتر دەردەهێنین. بەم شێوەیە ئێمە گفتوگۆ دەکەین. بەم شێوەیە جارێکی تریش یەکتر دەدۆزینەوە.

- *چۆن دەیسازێنین؟*

# دابڕان
# avskedet


من هەمیشە؛
خۆم دەخەمە ناو ئەم شپرزەییەوە،
هەمیشە ڕێگەم بەو داوە؛
پێم بڵێت تۆ جوانی و
بەنزیکەییش باوەڕم پێ کردووە..
کە من هەمیشە باز دەدەم؛
ئەو لەکاتی
کەوتنەخوارەوەمدا دەمگرێتەوە..
من دڵدارێکی بێچارەم و
خەونبینێک؛
ئەوە دەمکوژێت!



که دایکم پێم دەڵێت من شایەنی باشترم؛
وەك خوویەك خێرا بەرگریت لێ دەکەم،
هاوار دەکەم و دەڵێم:
*هێشتا منی خۆشەوێت..*
دایکم بە چاوی بەزیوێك سەیرم دەکات
بەو شێوەیەی دایك و باوکێك
سەیری منداڵەکانیان دەکەن
کاتێ دەزانن ئەمە ئەو جۆرە ئازارەیە؛
تەنانەت ئەوانیش ناتوانن چارەی بکەن و
دەڵێن:
*خۆشەویستی مانای نییە*
*کە ئامادە نەبێ هیچ لەپێناوتدا بچێژی!*


تۆ هێندە دوور بویت:

لەبیرم کرد لێرە بوویت!



وتت ئەگەر واتای هەبێت ئەوا چارەنووس دەمانگەڕێنێتەوە بۆ یەکتر. بۆ چرکەیەك بیرم کردەوە، کە ئایا بەڕاستی هێندە ساویلکەیت؛ باوەڕت بە چارەنووسێکە بێت کارێکی وا بکات؟ وەك ئەوەی چارەنووس لە ئاسمان بێت و تەماشای ئێمە بکات لە خوارەوە؟ وەك ئەوەی دەستێك هەبێت وەك داشی شەترەنج کاتی خۆی لە جوڵاندنی ئێمەدا بە هەدەر بدات؟ وەك ئەوەی ئێمە هیچ هەڵبژاردەیەکمان نەبێت؟ پێم بڵێ کێ ئەمەی فێر کردوویت؟ کێ بڕوای بە شتێکی وەها پێ هێناویت؟ بۆ ئەو دڵ و مێشکەی پێت دراوە، بۆ ئەوە نییە بەکاری بهێنێت؟
ئەی ڕەفتارەکانت پێناسەی بوونی تۆ ناکەن؟ دەمەوێ هاوار بکەم و بقیژێنم؛ ئەوە ئێمەین گەمژە. ئێمە تەنها کەسین بتوانین خۆمان بگەڕێنینەوە بۆ یەکتر. بەڵام لەجیاتی ئەوە؛ بەبێدەنگی دادەنیشم. بە هێواشی لەژێر لێوی لەرزیـــــــــومەوە زەردەخەنەیەك دەکەم و بیردەکەمەوە؛ ئاخر ئەمە مەرگەسات نیە تۆ شتێك بە ڕوونی دەبینیت و کەسی بەرانبەر نایبینێت؟!

هەڵە مەکە لە نێوان؛
خوێ و شەکردا..
ئەو ئەگەر بیەوێت؛
لەگەڵ تۆدا بێت،
لەگەڵتدا دەبێت،
زۆر ئاسانە!



ئەو تەنها کاتێك دەچرپێنێ خۆشمەویی؛
کە دەستی درێژ دەکات،
بۆ قوپچەی پانتۆڵەکەت..

ڕێك لێرەدا پێویستە
تۆ جیاوازی نێوان؛
پێویستی و ویست
تێبگەیت..
ڕەنگە ئەو کوڕەت بوێت؛
بەڵام بە دڵنیاییەوە،
تۆ پێویستت پێی نیە!

تۆ فریودەرانە جوان بوویت،
بەڵام چزمت لێ هەڵستاندم؛
کاتێ نزیك بوومەوە لێت!



ئەو ئـــافرەتەی دوای مـــن دێـــت؛ دەبێـــتە کۆپییەکی خراپی من. هەوڵی خۆی دەدات و شیعرت بۆ دەنووسێ، تا ئەوانە بسڕێتەوە کە مـن لەســەر لێوەکانـت جێمهێشـتووە. بەڵام وشـــەکانی هـــیچ کاتێـــك نـــاتوانن وەك وشـەکانی مـن بـگەنە هەنـاوت. ئینجا هەوڵ دەدات خۆشەویسـتی بە جەسـتەت ببەخشێت، بەڵام نـــاتوانێ وەك مـــن بتمژێـــت، دەســـت پێدابهێنێت، بتلێسێتەوە. دەبێتە کۆپییەکی خراپـــی خانمێـــك کە تـــۆ لـــێگەڕای بخلیسکێت!


هەرچیەك بکـات تـۆ دڵخـۆش ناکـات و ئەمەیش ئەو دەشکێنێت. کاتێك ئەم ئافرەتە هـــیلاك دەبێـــت لە تێکشـــکانی پیاوێـــك و ئەوەی لــێ وەرنــاگرێ کە پێــی دەبەخشێت؛ ئەوکاتەشـــی مـــن لە پێڵـــوی چاوەکانتـــدا دەبینێـــتەوە کە بە قێـــزەوە ســـەیری دەکەم، ئیدی ئەوە وەك لێدانی زەبرێك دەبێ بۆ ئەو. ئاخر چۆن دەتوانێ پیاوێکی خۆشبوێت کە گرفتـارە بە خۆشەویسـتی کەسێکی تـرەوە لەکاتێکدا هەرگیـز جارێکی دی دەسـتی پێی ناگات!

جاری دادێ کە؛
قاوە تاڵەکەت دەخۆیتەوە،
تاڵیی دەچێژی..
ئەو دۆخەی ئەو تۆی تێدا جێهێشت؛
وات لێ دەکات بگریت..
بەڵام تۆ هەرگیز
واز لە خواردنەوەی قاوە ناهێنیت..
تۆ دەتەوێت لایەنی کەم؛
تاریکترین بەشی ئەوت هەبێ،
لەبری ئەوەی هەر هیچت نەبێ!



زیاتر لە هەموو شتێک؛
دەمەوێ تۆ بپارێزم،
لە خۆم!

تۆ
شەوەهای شەوت
لەگەڵ ئەودا بەسەر برد،
پیاوەتییەکەی
لە نێوان قاچەکانتدا خولی خوارد،
تا بیرت بچێتەوە کە تەنیای چۆن هەستێکە!




دەچرپێنی؛
خۆشمەوێت..
مەبەستتە بڵێیت؛
نامەوێت بڕۆیت!

کێشەکە ئەوەیە؛
خۆشەویستی،
لێوەکانت نووقم دەکات،
تەنها وشەیەك
کە زارت لەیادی دەبێت؛
ناوی ئەوە!




ئازاربەخشە بزانیت کە؛
من جوانترین
پەشیمانیی تۆم!

لەبەرئەوە ناڕۆم؛
کە خۆشم ناوێت!
دەڕۆم؛
ئاخر ئەگەر زیاتر بمێنمەوە،
کەمتر خۆشەویستیم بۆ خۆم دەبێ!



پێویست ناکات؛
ناچاریان بکەی تۆیان بوێت،
پێویستە خۆیان تۆیان بوێ!



وات دەزانــی مــن شــارێکی گەورەم بــۆ بەســەربردنی پشــووی هەفــتە؟ مــن شــارۆچکەیەکم بە دەوری ئەو شــارەدا کە تۆ هەرگیز هیچت لەسەری نەبیستووە. بەڵام هەمیشە پێیدا تێپەڕیوی.. لەم شارەدا گڵۆپی نیــۆن نیــیە، باڵەخــانەی بەرز و پەیــکەر نیە،بەڵام هەورەبروسکەی هەیە و پردەکانی پێ دێنمە لەرزە.. مـن گۆشـتی سـەرجادەنیم، مـن مرەبـایەکی مـاڵیم، هێـند خەسـتم کە بتوانم شیرینترین شتکان ببڕم کە دێتە سەر لێوەکانت..

مـن ئـاژێری وریـاکەرەوەی پۆلیس نـیم، مـن بڵێسەی ئاگردانێکم دەتسوتێنم و هێشتا تۆ نەتتوانیوە چاوانت لەسەرم لابەیت، من هێندە جــوان ئەمە دەکەم کە تــۆ ســوور هەڵگەڕێیت!

من ژووری میوانخانەیەك نیم، من ماڵم، من ئەو ویسکیە نیم تۆ دەتەوێت، ئەو ئاوەم کە پێویستتە، بە یەك دونیا هیواوە مەیە بۆ ئێرە بتەوێت پشوویەك لە مندا بەسەر ببەیت!

ئەو کەسەی پاش تۆ دێت؛
یادم دەخاتەوە؛
پێویستبوو خۆشەویستی نەرم بێت..

ئەو
تامی لە شیعرێک دەچێت،
کە هیواخوازم توانیبام بینووسم!

ئەگەر
ئەو هیچ نەکات
جگە لە سوکایەتیکردن
بەو خانمانەی تەماشای ناکەن،
ئەگەر زمانی ژەهریش بێت؛
هێشتا دەتوانێ تۆ بخاتە
سەر کۆشی و نەرمیش بێت لەگەڵت..
ئازیزم؛
ئەو پیاوە
دەتوانێ شەکرت دەرخوار بدات و
لە گوڵاوت هەڵکێشێ،
بەڵام هێشتا ئەمە ناتوانێ
ئەو شیرین بکات!



- گەر دەتەوێت بزانیت چ جۆرە پیاوێکە

من مۆزەخانەیەکی پڕ هونەرم
بەڵام بڵێم چی کە تۆ چاوەکانت داخستووە!

تۆ پێویستە بزانی
کە هەڵە بوویت؛
ئەوکاتەی پەنجەکانت
خستە ناومەوە و
گەڕایت بۆ هەنگوینێک
کە بۆ تۆ نایەتە دەرێ!



ئەو شتەی؛

شایستەی ئەوەیە ڕایگریت،

پێویست ناکات بهێڵیت بڕوات!

کاتێک شکستت هێناو
یارەکەت جێیهێشتی؛
پرسیار لەخۆت مەکە کە؛
ئایا خەتای تۆ بوو؟
تەواو..
کێشەکە ئەوە بووە؛
تۆ زۆر بوویت و
ئەو شایانی هەڵگرتنی ئەو زۆرە نەبووە!



خۆشەویستی وای کرد؛
ترسناکی،
لای تۆ وەك ئارامی دەربکەوێت!

تەنانەت کاتێک؛
تۆ ئەو ڕووت دەکەیتەوە،
هەر بە دوای مندا دەگەڕێیت..
داوای لێبوردن دەکەم؛
من تامم زۆر تایبەتە..
کاتێک هەردووکتان؛
پێکەوە سەرجێیی دەکەن،
ئەوە ناوی منە؛
کە لەپڕ
خووڵ دەخوات
لەسەر زمانت!




تۆ وا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت؛
وەك ئەوەی ئەوان دڵێکی وەك تۆیان هەبێت،
بەڵام هەموو کەس ناتوانن،
نەرم و ناسك بن!

تۆ ئەو کەسانە نابینت؛
وەکو خۆیان..
تۆ ئەو کەسانە دەبینیت؛
کە خۆیان پێ شاردۆتەوە!

تۆ دەبەخشیت و دەبەخشیت؛
تا هەموو شتێك لە تۆدا دێننە دەرەوە و
ئینجا بە بەتاڵی جێتدەهێڵن!

ناچاربووم بڕۆم
ماندوو بووم لەوەی ڕێگە بدەم؛
وام لێ بکەی،
هەست بە کەمی خۆم بکەم
لەبری تەواوی!




تۆ جوانترین شت بوویت تا ئێستا هەستم پێ کردبێت و باوەڕیشم هێنابوو تۆ هەر جوانترین شت دەبیت کە من هەستی پێ بکەم. تۆ دەزانیت ئەمە چەند سنوردارە؛ لەچاو ئەو کەسانەدا کە دیومن و لەو تەمەنە گەنجەدا ئەزموونی کەسێکی وا گەش و شاد بکەیت؟ ئاخر من هەموو تەمەنم بەسەر دەبم بۆ ئەوەی جێگیریم. بۆ ئەوەی هەست بکەم من خامترین جۆری هەنگوینم تام کرد لەکاتێکدا هەموو شتەکانی تر دەستکرد و دروستکراو بوون. کەس ناتوانێ خۆی بەراورد بکات بە تۆ. ئەو هەموو ساڵەی دوای من نەتوانرا پێکەوە کۆببنەوە و شیرینتر بن لە تۆ.

- *بوختان*

من نازانم ژیانی هاوسەنگ چییە!
کاتێك دڵتەنگم؛
ناگریم، پڕدەدەم..
کاتێك دڵخۆشم؛
پێناکەنم، دەدرەوشێمەوە..
کاتێك تووڕەم؛
ناقیژێنم، دەسوتێم..

شتی باش لە هەستی زۆریدا ئەوەیە؛
کاتێك خۆشەویستی دەکەم
باڵیان پێ دەبەخشم..
بەڵام لەوانەیە ئەمە شتێکی باش نەبێت و
وایان لێ بکات هەمیشە جێمبهێڵن..
تۆ دەبێ من ببینیت؛
کاتێك دڵم دەشکێ،
خەم ناخۆم
ورد دەبم!



من ئەو هەموو ڕێیە هاتم؛
تا ئەو هەموو شتەت پێ ببەخشم،
بەڵام تۆ هەر سەیریشت نەکرد!

خراپیی

و

خراپ بوون!

- هەردووکیان بووم.



من؛

تۆ هەڵدەوەشێنم،

لەسەر پێستم!


ئەوە تۆ نەبوویت من ماچم کرد؛
-   لێت تێکنەچێ!

ئەو بوو لە خەیاڵی خۆمدا
لێوەکانت زۆر لەبار بوون!



هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆت؛
کوڵاندنەکان
بازنەکان
خورانەکان
ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ تۆ!


من مۆسیقا بووم؛
بەڵام تۆ گوێکانت بڕابوون!



زمانم ترشە؛
لەتاو برسێتی
بیرکردنی تۆ!

ڕێگە نایەم؛
تۆ من لە ژیانتدا دروست بکەیت..
لە کاتێکدا؛
ئەوەی من دەمەوێ،
دروست کردنی ژیانێك بوو لەگەڵ تۆ!

- جیاوازیەکان




لە زارمەوە ڕووبار ڕێچکە دەگرێ؛
فرمێسکگەلێکن،
چاوم ناتوانێ هەڵیان بگرێ!

تۆ کاژی ماریت و
من بەردەوامم لە فڕێدانت..
خەیاڵم؛
گشت وردی و ناسکیەکانی
ڕوخسارتی بیردەچێتەوە..
ڕێگەدان بە ڕۆیشتنت؛
بوو بە بیرچوونەوە،
ئەوەیش یەکێك
لە هەرە دڵگیرترین و
خەمناکترین شتە
کە ڕوو دەدات!



هەڵە نەبوویت لە ڕۆیشتنت؛
هەڵەبوویت لە گەڕانەوەت و
ئەو خەیاڵەی کە دەتوانیت منت هەبێت؛
کاتێک کە بۆت گونجاو بوو،
بشرۆیت کاتێک کە بۆت نەگونجاو بوو!

چۆن بنووسم؛
که دەستەکانمی
لەگەڵ خۆی بردووە!



کەسمان دڵخۆش نین؛
بەڵام کەسمان نامانەوێت بڕۆین،
بۆیە بەردەوامین لە شکاندنی یەکتری و
ئەوەمان ناو ناوە خۆشەویستی!


بە ڕاستگۆیی دەستمان پێکرد؛
وەرە با هەروایش کوتایی
پێ بهێنین!

- ئێمە




دەنگت؛
تەنیا
دەمئاژوێ
بۆ فرمێسک ڕشتن!

نازانم بۆ؛
خۆم هەڵدەدڕم
بۆ کەسانێکی تر؟
لە کاتێکدا دەزانم؛
لە دواییدا دوورینەوەی خۆم
زۆر بە ئازارە!



مرۆڤەکان؛
دەڕۆن..
بەڵام چۆن جێیان هێشتین،
هەروا دەمێنێتەوە!

خۆشەویستی دڵڕەق نیە؛
ئێمە دڵڕەقین..
خۆشەویستی یاری نیە؛
ئێمە خۆشەویستیمان کردووە بە یاری!




خۆشەویستیمان؛
چۆن دەمرێ؟
کاتێك لەم لاپەڕانەدا؛
نووسراون!

تەنانەت؛
دوای ئەو ئازار و
ونکردن و
ژان و
دابڕانە..
هێشتا جەستەی تۆ؛
تەنها شتێکە،
کە دەمەوێ لەژێریدا ڕووت ببمەوە!



شەوی پاش ڕۆیشتنت؛
بێداربوومەوە، هێندە شکابووم،
تەنها شوێن
کە ئەو پارچە شکاوانەی تێبکەم؛
کیسەکانی ژێر چاوم بوون!

که دەرگاکەت؛
لەدوای خۆتەوە داخست و ڕۆیشتی..
بەچپە وتم:
بمێنەرەوە...!



من دڵنیام تۆم تێپەڕاندووە. هێند دڵنیام کە هەندێك بەیانی کاتێك لەخەو ڕادەبم بە بزەیەکی سەر ڕوخسارمەوە دەستەکانم پێکەوە دەنووسێنم و سوپاسی جیهان دەکەم کە تۆی لە مندا هێنایە دەرەوە. دەگریم و دەڵێم سوپاس بۆ خوا. سوپاس بۆ خوا تۆ ڕۆیشتی. ئەگەر تۆ بمایتایەوە ئێستا من ئەم شاهەنشایە نەدەبووم.

بەڵام لە سەرێکی ترەوە؛

هەندێك شەو هەیە دەڵێم ئەگەر ئێستا تۆ لەپڕ دەربکەوێ دەبێ من چیم لێ بێت. چۆن دەبم ئەگەر ئەو ساتەی دێیتە ژوورەوە؛ هەرچی شتە ناخۆشەکانت هەیە لە پەنجەرەکەوە بچنە دەرێ، دووبارە هەموو خۆشەویستیەکەت سەرلەنوێ زیندوو ببێتەوە و بەسەر ڕوومەتەکانمدا بڕژێ، وەك ئەوەی هەرگیز جێتنەهێشتبێتم. وەك ئەوەی مەشقی مانەومیەکی بێدەنگ و درێژ بکەیت، تەنها بۆ ئەوەی دواتر کە دێیتەوە بە دەنگی بەرز هاوار بکەیت! کەس دەتوانێت ئەمەم تێ بگەیەنێت؛ چۆن لەیەك کاتدا خۆشەویستی بەجێمان دەهێڵێت و کەچی نایشڕوات؟ چۆن لەکاتێکدا تۆم تێپەڕاندوە؛ بێهودانە دەگەڕێمەوە بۆت!

عەقڵم دەچپێنێ ؛
هەرگیز ناگەڕێتەوە..
دڵم هەنسك دەدا؛
پێویستە بگەڕێتەوە!


- ژاكان



من نامەوێت؛
هاوڕێ بین..
من هەموو تۆم دەوێ!

- *زیاتر*

من؛
پارچەکانی تۆم لێ ون دەبێت،
وەك هەڵوەرینی برژانگ
بێ ئەوەی ئاگات لێبێت لە هەموو جێیەك!



تۆ ناتوانی بڕۆیت و
لە هەمان کاتیشدا منت هەبێت..
خۆ من ناتوانم لەهەمان کاتدا؛
لە دوو شوێن بوونم هەبێ!

*- کاتێک پرسیار دەکەیت*
*ئایا دەتوانین هاوڕێ بین*


من ئاوم
نەرم؛
بۆ پێشکەشکردنی ژیان..
سەخت؛
بۆ نوقم کردن!



ئەوەی زۆری بیر دەکەم ئەوەیە؛ چەندێك منت خۆش ویست؟ بەڵام ئەوەی نەمزانیووە ئەوەیە؛ ئەو خۆشەویستیەت چی بوو بەرامبەر کەسێکی وەك من؟ کاردانەوەی هەموو ئەو شتانە بوو کە پێم بەخشیبوویت؟ گەڕایتەوە بۆ لام، چۆن ئەوەم نەبینی؟ چۆن خۆمم لەو خەیاڵەدا نوقم کرد کە؛ لە تۆ زیاتر کەس نیە بەو جۆرە منی خۆشبووێت! لەکاتێکدا من بووم فێرم کردیت، لەکاتێکدا من بووم کە نیشانمدایت چۆن پرم بکەیت بەو شێوەیەی پێویستە پربم... چەند دڵرەق بووم بەرامبەر خۆم!

شانازی ئەو گەرموگوڕیەمم پێ ببەخشیت تەنها لەبەرئەوەی هەستت پێ دەکرد... بیرم دەکردەوە تۆیت هێزم پێ دەبەخشی... تۆ دڵگیری، جوانی، تەنها لەبەر ئەوەی هەستت پێ دەکرد... وەك ئەوەی بڵێی بەرلەوەی تۆ ببینم من وانەبووبێتم... وەك ئەوەی هەموو ئەوانەم لەدەست چووبێت کاتێك کە تۆ ڕۆیشتیت!

دەڕۆیت؛
بەڵام بزر نابیت..
بۆچی وادەکەیت؟
بۆ شتێك واز لێ دەهێنیت کە دەتەوێت؟
بۆ دەمێنیتەوە،
لە جێگەیەك کە ناتەوێ بمێنیتەوە!
بۆچی وابیر دەکەیتەوە ئاساییە؛
هەردووکی بکەیت؛
بڕۆیت و بشگەڕێیتەوە لە هەمانکاتدا!



باسی کەسانی خۆپەرستت بۆ دەکەم.
تەنانەت کاتێک کە دەزانن ئازارت دەدەن
هێشتا دێنە ژیانتەوە؛ تا تامت بکەن، چونکە
تۆ ئەو جۆرەیت کە ئەوان نایانەوێت
لەدەستیان بچێت. تۆ هێندە دەدرەوشێیتەوە کە
ناشاردرێیتەوە. بۆیە دوای ئەوەی بەجوانی
سەیری هەموو ئەو شتانە دەکەن کە تۆ
پێشکەشیان دەکەیت. دوای ئەوەی قژت و
پێست و هەموو نهێنییەکانیان بردیت. دوای
ئەوەی زانیان چەند ڕاستەقینەیە. چەند
گەردەلولیت کە پێیاندا دەکێشێت.

لێرەدا ترسنۆکییەکە دەست پێ دەکات؛
ئەو کەسەی واتدەزانی جێگای خەمێکی
ڕاستەقینەت بۆ دەگرێتەوە. ڕێک لەوکاتەدا
ئارەزووی شەڕ دەدۆڕێنێت و جێتدەهێڵێ پاش
ئەوەی پێت دەڵێ:
*کەسێکی باشتر لە من دەدۆزیتەوە.*

بەڕووتی لەگەڵ نیوەی ئەوانەی کە هێشتا لە ناخی تۆدا خۆیان حەشارداوە دەوەستێت و هەنسک هەڵدەدەیت. پرسیار دەکەی؛ بۆچی وایان کرد؟ بۆچی زۆریان کرد خۆشت بووێن، لە کاتێکدا نیازیان نەبوو تۆیان خۆشبووێت؟ ئەوانیش چەند ڕستەیەکی حازر بەدەستت پێ دەڵێن لە نموونەی:

*ناچاربووم هەوڵ بدەم.*

یان

*ناچاربووم هەڵێکت بدەمێ.*

یان

*تۆ خۆت ئەوەت ویست.*

بەڵام ئەمە نە جوانە، نە ڕۆمانسییە، خەیاڵی ئەوەی ئەوان لەلایەن بوونی تۆوە قووتدراون و لە پێناوی زانینی ئەوەدا لەناوچوون؛ دەڕەوێتەوە. بەو مانایەی بوونت هێندە کەم مانا بوو لەبەرامبەر کونجکۆڵی ئەواندا.

ئەوە شتێکە دەربارەی مرۆڤی خۆپەرست. هەموو بوون، هەموو ڕۆحێک دەخەنە ژێر قومارەوە؛ تەنها لەپێناوی خۆشحاڵیی خۆیاندا. لە چرکەیەکدا دەتخەنە سەر دەستیان؛ وەك

ئەوەی هەمـوو جیهـان لە باوەشـیاندا بێـت و چـرکەی دواتـر بچووکـت دەکەنەوە وەك وێنەیەکی بچوك. لەچاوتروکانێکدا شتێك لە ڕابردوو، بۆ یەك چرکە، تۆ قووت دەدات و ئەوان دەچـرپێنن؛ کە دەیانەوێـت هەمـوو ژیانیـان لەگەڵ تـۆ بەسـەر ببەن. بەڵام لەپڕ دەترسـن، چـونکە هەر لە سـەرەتاوە نیـوەی ڕێیـان بـۆ دەرگـاکە بڕیوە. بـێ ئەوەی ڕێگا بدەن بەڕێزەوە بڕۆیت. وەك ئەوەی دڵـی مرۆڤ ئەوەندە بێمانا بێت لایان.

پـاش هەمـوو ئەوانە. پـاش بردنـی هەمـوو شتێکت. چ بێشەرمییەکە. ئایا ئەمە خەمناك و پێکەنینـاوی نـیە کە مرۆڤەکـانی ئەم ڕۆژگـارە بۆیـان ئاسـان تـرە؛ بە پەنجەکانیان ڕووتـت بـکەنەوە وەك لەوەی دەسـت بـدەنە تەلەفونەکەیان و داوای لێبوردنێك بـکەن؛ بۆ کۆتاییهێنـان بە پەیوەنـدییەکی ئەڤینـدارانە؟ تـۆ ئاوهـا پەیوەنـدییەکەت لەگەڵ ئەو کۆتایی پێهێنا بوو.

- خۆپەرستی

**دوای هاتنە دەرەوەت لە پەیوەندییەك پەیڕەوی ئەم خاڵانە بكە:**

١- پەنا بگرە لە جێگەی نووستنەكەت.

٢- بگری. تاوەكو فرمێسكەكانت دەوەستن (چەند ڕۆژێكی پێ دەچێ.)

٣- گوێ لە گۆرانی خاو مەگرە.

٤- ژمارەكەی لە مۆبایلەكەتدا بسڕەوە. تەنانەت ئەگەر لەبەریشتە.

٥- چاو لە وێنە كۆنەكان مەكە.

٦- نزیكترین دوكانی ئایسكریم بگرەبەر و دەعوەتی خۆت بكە بە دوو ساردەمەنی نەعنا و چۆكلات. نەعنا دڵت ئارام دەكاتەوە. خۆشت شایەنی چۆكلاتی.

٧- چەرچەفی تازەی نوستن بكڕە.

٨- هەرچی دیاری و تیشێرت و هەرچیەك بۆنی ئەوی لێ دێ كۆیبكەرەوە و بیبەخشە بە ڕێكخراوێكی خێرخوازی.

٩- پلان بۆ گەشتێك دابنێ.

١٠- بەتەواوی فێری هونەری زەردەخەنە و سەرلەقاندن ببە؛ بۆ كاتێك كە كەسێك لە قسەكردنێكدا ناوی ئەو دێنێت.

١١- ڕۆژێكی نوێ دەست پێ بكە.

١٢- هەرچیەك دەكەیت تەلەفۆنی بۆ مەكە.

١٣- مەپارێزەوە لەو كەسەی نایەوێ لەگەڵ تۆدا بمێنێتەوە.

١٤- پێویستە لە خاڵێكدا لە گریان بووەستیت.

١٥- ڕێگە بە خۆت بدە هەست بكەیت گێلیت؛ كە باوەڕت هێنابوو بەوەی دەتوانی ژیانت لەسەر جەستەی كەسێكی تر دابمەزرێنیت.

١٦- هەناسە بدە.

بەوەی جێت دەهێڵن؛
هەموو شتێکت؛
پێ دەڵێن!



# مەرهەم

# läkningen


ڕەنگە؛
من شایەنی
شتی باش نەبم..
چونکە من؛
باجی ئەو گوناهانە دەدەم
کە بیرم نین!



نازانم نووسین؛
چاكم دەكاتەوە یان وێرانم دەكات!


خۆت هەڵمەواسە بەوەدا کە؛
تۆی ناوێت..!

- ناتوانیت وای لێ بکەیت بمێنێتەوە



پێویستە لەگەڵ خۆتدا؛
پەیوەندی دروست بکەیت،
بەر لە هەرکەسێکی تر!

قبووڵی بکە؛
کە تۆ شایەنی زیاتر
لە خۆشەویستیەکی پڕ ئازاریت..
ژیان بەردەوامە،
باشترین شت بۆ دڵت ئەوەیە؛
بەردەوام بیت!



ئازار؛

بەشێکە لە ئەزموونی مرۆڤ..

مەترسە؛


خۆتی بۆ بکەرەوە!

- گەشەکردن

تەنیایی

نیشانەی ئەوەیە؛


تۆ نائومێدانە پێویستت بە خۆتە!



تۆ ڕاهاتووی؛
پشت بە مرۆڤ ببەستیت،
تا ئەو شتەت بۆ تەواوبکەن،
کە تۆ وا دەزانی نیتە!

کێ فریوی داویت؛
تا وا بزانی
کەسێکی تر
تۆ تەواو دەکات
لەکاتێکدا زۆرترین شت
بتوانن بیکەن زیادکردنێکە!

بەدوای چارەدا؛
مەکەوە بەسەر پێی ئەوانەدا
کە تۆیان شکاند!



ئەگەر بێهزییەکەت؛

لەگەڵتدا لەدایکبووە بۆ کەوتن..

بەهێزییەکەشت؛

لەگەڵتدا لەدایکبووە بۆ سەرکەوتن!

ڕەنگە خەمگینترین کەس ئەوانەبن؛
کە لە چاوەڕوانی کەسێکدا دەژین،
دڵنیانین بوونی هەبێت!

- حەوت میلیار مرۆڤ



لە ئازارەکانتدا بەهێزبە و
گوڵیان لێوە بگرە..
تۆ یارمەتی منت دا؛
لە من گوڵ بگرە..
بەجوانی بپشکوێ؛
سامناکانە و
بڵند،
نەرم بپشکوێ..
هەرچۆنێک دەتوانیت؛
تەنها بپشکۆێ!

- بۆ خوێنەرەکانم


سوپاسی گەردوون دەکەم؛
بۆ لەدەستچوونی هەرشتێك،
کە لەدەستم چووە و
بەخشینی هەرشتێك؛
کە پێم بەخشراوە!

- هاوسەنگی



ئەوە چاکەیە؛
کە لە بارودۆخی دژواردا ،
بە میهرەبانی دەمێنیتەوە!

بکەوەرە خۆشەویستی؛
لەگەڵ تەنیاییەکەت!




جیاوازی هەیە لەنێوان؛
کەسانێک کە پێت دەڵێن
تۆیان خۆشدەوێت..
لەگەڵ
کەسانێک کە بەڕاستی
تۆیان خۆشدەوێت!

هەندێ جار؛
لەو کاتەدا داوای لێبوردن ناکرێ
کە پێویستە بکرێ!

کاتێك دەکرێ؛
کە ئیدی پێویست نییە بکرێت!


- درەنگ کەوتن



تۆ پێم دەڵێیت؛
من وەکو کچانی تر نیم و
فێربوویت کە ماچم دەکەی چاوت دابخەیت
شتێك دەربارەی ئەو دەربڕینە- شتێك دەربارەی
ئەوەی من دەبێ وەك خانمانی تر نەبم..
بانگی خوشکەکانم دەکەم تا
حەزلێکراوبن؛
ئەمە وام لێدەکات حەز بکەم
تف بکەمە زارتەوە
وەك ئەوەی پێویستە شانازی بکەم
کە منت هەڵبژارد
وەك ئەوەی من دەبێ ئۆخژن* بگرم
چونکە تۆ وا بیردەکەیتەوە؛
من باشترم لەوان!

*ئۆخژن: ئۆقرە، ئارامیی، تەسکینی. (و)

جاری داهاتوو
ئەگەر ئەو کوڕە پێی وتی؛
مووەکانی قاچت هاتوون..
بیری بخەرەوە کە؛
جەستەتماڵی و ئەو نییە و
ئەو تەنها میوانێکە..
ئاگاداری بکەرەوە؛
هەرگیز پێ نەخاتەوە
سەر بەرەی تۆ!



بۆ ئەوەی ناسك بیت؛


دەبێ بەهێز بیت!

تۆ شایانی ئەوەی؛
بە تەواوی لەنێو دەوروبەرەکەتدا
بدۆزرێیتەوە..
نەك لەناویاندا ون ببیت!



دەزانم دژوارە
باوەڕم پێ بکە؛
دەزانم وا هەست دەکەیت
سبەینێ هەرگیز نایەت و
ئەمڕۆ سەختترین ڕۆژە
کە پێیدا تێپەڕ دەبیت..
بەڵام سوێندت بۆ دەخۆم تێی دەپەڕێنیت..
ئازارەکە تێدەپەڕێت،
وەك هەمیشە..
گەر تۆ کاتی پێ بدەیت و
ڕێگەی بدەیت؛
بڕوات
بە هێواشی،
وەك بەڵێنێکی شکاو
ڕێگەی بدە بڕوا!

حەزم لەو وردەچرچانەی*؛
سەر ڕانەکانمە کە دەمکات بە مرۆڤ..
ئەوە ئێمەین کە نەرم زبر و کێوین،
لە کاتێکدا پێویست وابین..
من ئەوەم لە خۆماندا خۆشەوێت
چەن بەتوانایین لە هەستکردندا،
چەند نەترسین لە شکان و
چەند بە جوانی
چاودێری برینەکانمان دەکەین..
تەنها خانم بە..
بە خۆم دەڵێم؛
خانمێك
بە جارێك هەم پڕم دەکات
هەم تەواوم دەکات!



---

* وردەچرچ: بە ئینگلیزی stretch marks، بە سویدی bristningar لێرەدا مەبەست لەو وردە چرچانەیە کە لەسەر پێستی ڕان و سک دروست دەبن، لە شێوەی هێڵی کاڵ کاڵدان و بەتایبەت لە سەر جەستەی ئافرەتان زۆرتر دیارن.(و)

کێشەی من لەگەڵ ئەوانەی لایان وایە
جوانیی ئەوەیە قەشەنگ بێت؛
ڕەچاونەکردنی دیوە مرۆڤانەکەیە..
من قژە جوانەکەی؛
وەك باخچەیەك لەسەر پێستی دەبینم
کاتێك خانمێك دەشیشارێتەوە..
ئەوە پێناسەی جوانییە؛
لوتێکی گەورەی قولاپی
بە ئاماژەی ڕووەو ئاسمان،
چەند دروەشاوەن؛
پێستیان وەك ڕەنگی زەوی..
باوانمان دانەوێڵەیان دەچاند؛
تا دەرخواردی کچەکانیان بدەن،
بۆ ئەوەی ڕانی ئەستووری
وەك قەدی داریان هەبێت،
چاوانی وەك بادام،
پێڵووی داپۆشراو بەباوەڕ،
ڕووباری پەنچاب*
وەك سوڕی خوێن بە دەمارەکانمدا دەڕوا
پێم مەڵێ خانمی وڵاتی تۆ
وەك خانمی وڵاتی من جوان نییە!

---

* پەنچاب: ناوی ویلایەت و ڕووبار وناوچەیەکە لە باکوری ڕۆژئاوای هنیدستان. وشەی پەنجاب تێکەڵێکە لە دوو وشەی فارسی (پنج پێنج) و (آب- ئاو) پێک هاتووە، بە مانای وڵاتی پێنج ئاوەکە.(و)

پشتمان
چیرۆکگەلێك دەگێڕێتەوە کە؛
هیچ کتێبێك
بڕبڕەی پشتی نییە!

- خانمانی ڕەنگ




خۆتت قبووڵ بێت؛
وەك چۆن نەخشێنراویت!

جەستەت؛
مۆزەخانەیەکی کارەساتی سرووشتیە
دەتوانی بزانی چەند سەرسامکەرە!



لەدەستدانی تۆ؛
بوون بە خۆم بوو!

جەستەی خانمانی دی؛
گۆڕەپانی جەنگی ئێمە نیە!




لابردنی مووەکانی جەستەت؛
شتێکی ئاساییە،
گەر خۆت بتەوێت..
وەك چۆن هێشتنەوەیان؛
شتێکی ئاساییە،
گەر خۆت بتەوێت!

- *تۆ تەنها هی خۆتی*

وادیارە شتێکی ناشرینە ئەگەر؛
لەناو خەڵکدا باسی سوڕی مانگانەم بکەم
لەکاتێکدا بایەلۆژیی جەستەم
شتێکی زۆر ڕاستەقینەیە..

ئاساییە؛
ناوگەڵی ئافرەت بفرۆشیت..
کەچی ئاسایی نییە؛
باسی ئەوە بکەین
ئەم ئەندامە چۆن کاردەکات!

بەکارهێنانی جەستەی من؛
بۆ چێژوەرگرتن جوانە،
کەچی سروشتەکەی ناشرینە!



تۆ ئەژدیها بوویت؛
زۆر بەر لەوەی ئەو بێت و پێت بڵێت؛
دەتوانیت بفڕیت!

تۆ بە ئەژدیهایی دەمێنیتەوە؛
زۆر دوای ڕۆشتنی ئەویش!

دەخوازم داوای لێبوردن لە هەموو
خانمان بکەم؛
کە پێم وتوون جوانن،
بەرلەوەی پێیان بڵێم زیرەك یان ئازا،
ببوورن کە وا تێگەیشتبوون..
شتگەلێکی سادە کە پێیەوە لەدایکبوون،
جێی شانازیە..
ئێوە پێویستە سەربەزربن؛
کە ڕۆحتان دەتوانێ چیا لەبن بهێنێت!
لەئێستا بەدواوە شتگەلێکی تر دەڵێم وەك؛
*تۆ کەسێکی سەرسەخت یان بێوێنەی*
نەك لەبەر ئەوەی وا بزانیت تۆ جوان نیت لەلام
بەڵکو تۆ زۆر لەوە زیاتری!



من ئەوەی هەمە هەمە و
ئەوەی لەدەستم داوە لەدەستم داوە؛
بە هەردووکیان خۆشحاڵم!

- دیمەن

سەیرم دەکەیت و دەگریت؛
هەموو شتێك ئازارم دەدا!


دەتگرم و دەچرپێنم؛
بەڵام هەمووی سارێژ دەبێت!



گەر ئازار بێت؛

کەواتە شادومانیش دێت!

- ئارام بگرە



هەموومان؛
زۆر بە جوانی لەدایکبووین


کارەساتی گەورە ئەوەیە؛
بڕوامان هێنابێت کە وانین!

ناوی کوڕ، من دەکاتە ژنێکی ئازاد
ئەو پێوەندانە دەشکێنێ؛
کە دەیانەوێت بمبەستنەوە،
بەرزم دەکاتەوە،
بیرم دەخاتەوە من یەکسانم بە هەر پیاوێك
تەنانەت ئەگەر لە سەرتاسەری دونیاوە
هاوار بکەن یەکسان نیم..
هێشتا من خانمی خۆمم و
بەتەواوی سەر بەخۆمم و
گەردوون هانم دەدا؛
بانگم دەکات و پێم دەڵێت
من ئەرکێکی گەردوونیم هەیە
کە هاوبەشی پێ بکەم
بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤایەتی و
خزمەتکردنی خوشکایەتی
بۆ هەستاندنەوەی ئەوانەی
پێویستیان بە هەستانەوە هەیە..
ناوی کوڕ بە خوێنمدا دەڕوات
بەرلەوەی وشەکە خۆی بوونی هەبێت
لە مندا هەبووە
ئەو ناسنامە و ڕزگاریمە!

- کوڕ، ژنێکی سیخی

جیهان؛
یەك دونیا ئازارت پێ دەدات و
تۆ؛
زێڕێ لێ دروست دەکەیت!

- هیچ شتێك لەوە پوختەتر نیە




هەروەك چۆن خۆتت خۆشدەوێت؛
ئاوها خەڵك فێردەكەیت،
خۆشیان بووێیت!

دڵم بۆ خوشكان ئازار دەچێژێت
زیاتر لە هەر شتێك؛
بۆ ئەو خانمانەی
هاوكاری خانمانی تر دەكەن،
وەك ئەو گوڵانەی
كە ئازار دەچێژن بۆ بەهار!



دەم ئاودەکات بۆ ئەو؛
ژنەخواوەندەی لە نێوان قاچەکانتدایە!

تۆ؛
هاوڕێی ڕۆحی خۆتی!



هەندێک مرۆڤ؛
زۆر تاڵن..

پێویستە؛
بۆ ئەوان میهرەبانتر بین!


هەموومان بەرەوپێش دەچین؛
کاتێك بزانین چ ئافرەتگەلێکی
سەرسەخت و
شەڕکەر
لەچواردەورمانن!



که تۆ جوان دەبینیت؛
مانای ئەوە نیە،
جوانی هەیە لە مندا..
مانای وایە جوانی؛
لە ناخی تۆدا؛
وەها ڕەگی داکوتیوە
تۆ ناتوانیت جگە لەو
هچ ببینیت لە هیچ شوێنێک!

ئەگەر موو؛
مەبەست نەبا لێرە با
هەر لە سەرەتاوە،
لەسەر جەستەمان گەشەی نەدەکرد!


- *لەجەنگداین لەگەڵ ئەو شتانەی*
*زۆر سروشتیانە دێن بۆمان*



زۆر گرنگیدان بە خۆشەویستی؛
وەك ئەوەیە تەنها شت بێت بزانیت
کە چۆن لە کۆتاییدا
هەموو ئەمانە بێ مانان؛
ئەم لاپەڕەیە،
ئەو شوێنەی دانیشتویت لێی،
بڕوانامەکەت،
کارەکەت،
پارەکەت،
هیچیان گرنگ نین..
جگە لە خۆشەویستی و پەیوەندی مرۆڤ..
کێت خۆشویست؟
بە چ قووڵاییەك خۆشت ویست؟
چۆن نەوازشی کەسانی دەورووبەرت کردووەو
چەندت پێ بەخشیون؟

من دەمەوێت؛
هێند ڕەگم بەزەویدا ڕۆبچێت،
ئەم فرمێسکانە،
ئەم دەستانە،
ئەم قاچانە،
نوقم ببن!

- ڕەگداکوتین



هەندێ جار پێویستە بووەستیت؛
لە گەڕان بەدوای هۆکاری هەندێک شتتدا،
پێویستە تەنها لێی بگەڕێیت!

گەر تۆ بۆ خۆت بەس نەبیت؛
هەرگیز بۆ کەسی تر،
بەس نابیت!



پێویستە تۆ؛
بتەوێ هەموو ژیانت،
لەگەڵ خۆتدا بەسەر ببەیت،
لە سەرەتادا!

بێگومان دەمەوێ سەرکەوتوبم؛
بەڵام پەرۆش نیم بۆ سەرکەوتن،
من پێویستمە سەرکەوتوبم
بۆ بەدەستهێنانی
کەمێك شیر و هەنگوین
تا هاوکاریی دەوروبەرم بکەم سەرکەون!



ترپەکانی دڵم خێرا دەبن؛
لەکاتی بیرکردنەوە لە لەدایک بوونی
شیعرێکدا
هەر بۆیە من؛
هەرگیز ناوەستم لە کردنەوەی خۆم
بۆ سکپڕبوون بە؛
خۆشەویستی،
ئەو وشانەی،
زۆر ئیرۆتیکیین و دەیاننووسم
کە یان خۆشم دەوێن،
یان دەمورووژێنن،
یان هەردووکیان!

ئەوەی من زۆر دەترسێنێت ئەوەیە؛
ئێمە لە ئێرەییدا
بە کەسانی سەرکەوتوو
کەف لەدەممان دێ..
کەچی هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشین؛
کاتێك تێکدەشکێن!

خەباتمان بۆ؛
سەرخستنی یەکترە،
ئەوەی زەحمەتە،
مرۆڤبوونە!



هونەرەکەت ئەوە نییە؛
چەند کەس حەزی لە کاری تۆیە..
هونەرەکەت ئەوەیە؛
کە دڵت حەزی لە کارەکەت بێت،
کە ڕۆحت حەزی لە کارەکەت بێت،
هونەرەکەت ئەوەیە؛
چەند ڕاستگۆیت لەگەڵ خۆت..
هەرگیز نابێ؛
ڕاستگۆییەکەت بگۆڕیتەوە
بە وابەستەیی!

- بۆ هەموو شاعیرە گەنجەکان

ببەخشە بەوانەی؛
هیچیان نیە،
پێت ببەخشن!

- شیڤا (خزمەتی خۆنەویستانە)



تۆ منت کرد بە دوو لەتەوە؛
بە ڕاستگۆترین ڕێگە،
بۆ لەتکردنی ڕۆحێکی کراوە و
ناچارت کردم بنووسم؛
لە کاتێکدا وام دەزانی
ئیدی ناتوانم بنووسم!


- سوپاس

ئێستا تۆ تا کۆتایی هاتیت و دڵم لە دەستتدا بوو... سوپاس بۆ تۆ کە تا ئێرا بە سەلامەتی هاتیت، سوپاس بۆ بەسۆزیت لەگەڵ ناسکترین بەشی من. دانیشە، هەناسەیەك بدە. دیارە ماندوویت... ڕێگەم بدە دەستت و چاوەکانت ماچ بکەم، ڕەنگە بەدوای شتێکی شیرینەوە بن؛ من هەموو ئەو شەکرەی خۆمت بۆ دەنێرم. ڕەنگە من لە هیچ جێگایەك نەبام، ئەگەر تۆ نەبای. تۆ یارمەتی منت دا ببم بەو ژنەی کە دەمەوێ، بەڵام زۆر دەترسام. دەزانی تۆ چ پەرجوویەکیت؟ چەند دڵگیرە ئەمە و هەمیشەیش دڵگیر دەمێنێتەوە. من کڕنوش دەبەم بۆت، پێت دەڵێم سوپاس.

خۆشەویستیم بۆ چاوەکانت دەنێرم. هیوادارم هەمیشە باشی لە مرۆڤدا ببینیت و هەمیشە دلۆڤان بیت؛ تا یەکتری وەکیەك ببینین، تا هیچمان کەم نەبێت و لە خۆشەویستیدا بین لەگەڵ هەموو شتێك کە گەردوون پێی بەخشیوین. بۆ ئەوەی هەمیشە جێگیر و دامەزراو بین، ڕەگ داکوتراوبین و قاچەکانمان توند بەزەویدا بڕوێن.

- نامەیەکی خۆشەویستی

لەلایەن منەوە بۆ تۆ



ئاگاداری..

کتێبی دووەمی ڕوپی کۆر بەناونیشانی (خۆر و گوڵەکانی) لەلایەن هەمان پاچەڤەکارانی ئەم کتێبە؛ (توانا ئەمین و سیامەند ج. ئەحمەد)ـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بەم زووانە چاپ دەبێت.



## بەرهەمەکانی تری نووسەر و وەرگێڕ:



**توانا ئەمین**

* مەنفا و خوێندنەوە
  -گفتوگۆی ئەدەبی- (ئامادەکردن) ٢٠٠٨

* پیاسەیەک پێکەوە... پیاسەیەک بەتەنیا
  -ڕەخنەی ئەدەبیی- (نووسین) ٢٠٠٨

* کچی ناو تابلۆکە
  -چیرۆک- (نووسین) ٢٠٠٩

* پەیکەری فەرهاد، عەباس مەعرووفی
  -ڕۆمان- (وەرگێڕان) ٢٠٠٩

* خودا لەسەری مرۆڤدا
  -گفتوگۆی فیکری- (ئامادەکردن) ٢٠١٢

* سەگێک لە ئاوێنەدا
  -چیرۆک- (نووسین) ٢٠١٢

* فڕین لە قەفەسێکی کراوەدا
  -ڕەخنەی ئەدەبیی- (نووسین) ٢٠١٢

* کەوتن، ئەلبێر کامۆ
  -ڕۆمان- (وەرگێڕان) ٢٠١٣

* ماچێک بەتامی خوڵەمێش
-شیعر- (وەرگێڕان) ٢٠١٤

* کوندەپەپووی کوێر، سادق هیدایەت
-ڕۆمان- (وەرگێڕان) ٢٠١٥

* ماڵی یار، سوهراب سپێهری
-شیعر- (وەرگێڕان) ٢٠١٥

* مینای شین
-لێکۆڵینەوە- (نووسین) ٢٠١٦

* تریفەی مانگ، گیّ.دو.مۆپاسان
-چیرۆک- (وەرگێڕان) ٢٠١٦

* ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا
-چیرۆک- (نووسین) ٢٠١٦

* گەردانەی تەم، سوهراب سپێهری
-شیعر- (وەرگێڕان) ٢٠١٦

* پەیامبەر، جوبران خەلیل جوبران
-ئەدەبی فەلسەفی- (وەرگێڕان) ٢٠١٧

* تۆ لە پەنهانترین کەلێنی پیرۆزی دڵمدایت
-گوڵچنی بەرهەم- تاگوور (وەرگێڕان) ٢٠١٧

* ئەڤینم خۆش دەوێ، بەڵام لە ژن دەترسم؛
-گوڵچنی بەرهەم- حسێن پەناهی (وەرگێڕان) ٢٠١٧

* شیر و هەنگوین.. ڕوپی کۆر -شیعر- ٢٠١٨
(وەرگێڕان) بە هاوکاری لەگەڵ سیامەند ج.ئەحمەد

ئەم کتێبە یەکەمجار لە ساڵی 2014دا بە ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە و دوو میلیۆن و نیو دانەی لێفرۆشراوە، لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵدا بۆ بیست و پێنج زمان وەرگێردراوە و بە زمانی کوردییەوە دەبێت بە بیست و شەش. (شیر و هەنگوین) کتێبێکی سادە و دڵگیرە پێکەوە، چێژ و ئازارەکانی مێینەبوون، بە زمانێکی شیعریی لە کەمترین وشەدا بە هاوئاهەنگی چەندان هێڵکاریی جوان دەگێڕێتەوە.

# Milk and Honey

**Rupi Kaur**

Translated by :Twana Amin

Syamand J. Ahmed

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار

نرخ: ٢٥٠٠ دینار